# ئامرازەکانی بەڕێوەبردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان
# Mechanism of Management of international conflict

م.ی. نەبەز جمال كمال الدين
Nabaz Jamal Kamaladdin
بەشی باخچەی منداڵان / کۆلێژی پەروەردەی شارەزور / زانکۆی هەڵەبجە
Kindergarten /Education college of sharazoor/ Halabja University
nabaz.kamaladdin@uoh.edu.iq

**بەشی یەکەم : میکانیزمەکانی بەئاشتی چاسەرەکردنی ململانێی نێودەوڵەتی**

**باسی یەکەم : دانوستان وەك یەكێك لە میكانیزمە دبلۆماسیەكان بۆ بەئاشتی چارەسەركردنی ململانێ نێودەوڵەتیەكان**

**باسی دووەم : (تحكيم الدولي) وەك یەكێك لەمیكانیزمە دادوەرییەكان بۆ بەئاشتی چارەسەركردنی ململانێ نێودەوڵەتییەكان.**

**بە شی دووەم : دانوستان و تحكيم دەولی لە چارەسەری ئاشتیانەی ململانێی نێودەوڵەتیەكان**

**باسی یەکەم : رۆڵی دانوستان لەچەرەسەرکردنی ململانێی چین و تایوان**

**باسی  دووەم : رۆڵی تحكيم دولی لەچارەسەرکردنی ململانێی یەمەن  و ئەریتریا..**

## پێشەکی

هەمیشە شەڕو پێکدان و بەکارهێنانی سەربازی و ئابلۆقەی ئابوری و فشارخستنە سەر یەکێکە لەسیاسەتە پەیڕەوکراوەکانی ناوچەکە بەگشتی ... لێرەدا نامانەوێت باس لەم ململانێیانە بکەین، بەڵام ئەوەی گرنگ بێت باس لە رێگەچارەی ئاشتیانە بکەین بۆ چارەسەرکردنی ململانێ دەوڵەتیەکان ، ئەمەش واتە بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان کە پەیوەندی بە بەشارستانی و ئاستی تێگەیشتنی سەرکردەکان و گونجاندنە لەگەڵ سیستمی نوێی جیهانی و یاسای گشتی نێودەوڵەتی .

بۆیە لەم توێژینەوەیەدا باس لە میکانیزمەکانی بە ئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکانمان کردووە، لەدووتوێ دووبەشدا، بەشی یەکەم باسی میکانیزمە دیپلۆماسی و سیاسی و دادوەرییەکانمان کردووە، کەدابەش بووە بۆ دوو باس ، باسی یەکەم باسمان لە دانوستان کردووە، کە یەکێکەلە میکانیزمە دیپلۆماسیەکان، وەلە باسی دووەمدا باسمان لە تحكيم دەولی) کردووە، کە یەکێکە لە میکانیزمە دادوەرییەکان ، لەبەشی دووەمدا باسمان لە هەردوو میکانیزمەکان و دانوستان  (تحكيم دەولی) کردووە، لەچارەسەری ئاشتیانەی ململانێی نێودەوڵەتییەکان ، کەئەویش دابەش بووە بۆ دوو باس ، باسی یەکەم باسمان لە ململانێی چین و تایوان کردووە، رۆڵی دانوستان لە چەسپاندنی ئاشتی، وەلە باسی دووەم تحکیمی دەولی لە ئاشتی و چارەسەرکردنی ململانێی یەمەن وئەریتریا کردووە.

## گریمانەی توێژینەوەکە (الإشكالية):

ململانێی نێودەوڵەتی و بەرژەوەندی نێودەوڵەتی دووانەی لەیەك دانەبڕاون بۆ هەرکاتێك مەترسی لەسەر بەرژەوەندی وولآتانی زلهێز دروست بێ ململانێیەکان چارەسەر دەکرێن.

## میتۆدی توێژینەوەکە (منهج) :

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە میتۆدی شیکاری(تحليلى) ومنهجى وصفى .

## پرسیاری توێژینەوەکە:

بۆچی وولآتانی زلهێز ویستی چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتییەکانی لا دروست دەبێت کاتێك ، کە ڕێڕەوی گواستنەوەی ئاوی کێشەی بۆ دروست دەبێت یاخود لەسەر بەرژەوەندییەکانیان مەترسی دروست دەبێت ؟.

ئامانجی توێژینەوەکە:

1)ململانێ نێودەوڵەتیەکان زیادی کردووە، کە ئەمەش کاردانەوەی هەبووە لەسەر داهاتی دەوڵەتان کە خەرجی زۆری بۆ تەرخان دەکەن..، خۆئامادەکردن بۆ جەنگ یان بەرگریکردن جگەلە کڕینی چەك و تەقەمەنی و تەکنەلۆژیای سەربازی خەرجی بواری سەربازی زیاد دەکات لەسەر داهات وە خەزینەی دەوڵەت.

2)هەرجەنگ و ململانێیەك کاردانەوەی دەبێ لەسەر ئاشتی وئاشایشی نێودەوڵەتی.

3)گرنگی میکانیزەکانی بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێی نێودەوڵەتیەکان، کە گرنگی پێدراوە لەیاسای گشتی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەپێی بەندی شەشەم و حەوتەم.

4)بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیری و هۆشیاری یاسایی بەرانبەر گفتۆگۆکردن و دانوستن و میکانیزمەکانی لێك تێگەیشتن.

5)فشارخستنە سەر لایەنی ناکۆك بۆمل دان بەئاشتیی وەك ئەنجامدانی مانۆڕو ئاگادارکردنەوەی و مۆڵەت پێدانی بۆکاتێکی دیاریکراو ، هەروەها نیشاندانی هاوپەیمانی سەربازی سیاسی و دیپلۆماسی .

## بەشی یەکەم : میکانیزەمەکانی بەئاشتی چاسەرەکردنی ململانێی نێودەوڵەتی

## بەشی یەکەم: میکانیزمەکانی بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان

هەرچی کتێب و مامۆستایانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی هەیە کەباس لە میکانیزەمەکانی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان دەکەن کەبەشێوازی ئاشتیانە چارەسەر دەکرێت،دەڵێن ئەو میکانیزمانە(میکانیزمی دیپلۆماسی و میکانیزمی سیاسی و میکانیزمی دادوەری یە).

میکانیزمی دیپلۆماسی دانوستان ونێوندگیری و نوێنەری نیازپاکی( المساعی الحميدة) وتحقيق و توفيق دەگرێتەوە ، هەرچی میکانیزمی سیاسیە پەنابردن بۆ ڕێکخراوە هەرێمی ونێودەوڵەتییەکان دەگرێتەوە.

بەڵام میکانیزمە دادوەرییەکان بریتییەلەپەنابردن بۆ تحکیم و(قضاء الدولي) واتە دادگای دادی نێودەوڵەتی.

ئێمە وەك گرنگترین میکانیزم لە میکانیزمەکانی دیپلۆماسی( دانوستاندن) باس دەکەین کە بەگرنگترین پرانسیپی دیپلۆماسییە بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان و گرێدانی گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان و هیچ کارێکی نێودەوڵەتی نیە بەبێ دانوستاندن ئەنجادم بدرێت.هەروەها لە میکانزمە دادوەرییەکان باسی تحکیم دەولی دەکەین.

**باسی یەکەم : دانوستان وەك یەکێك لەمیکانیزمە دیپلۆماسیەکان بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان:**

**دانوستان :**

جۆرج کینان مێژوونووس و سیاسی ئەمریکی دەڵێت:( لەوە خۆشترنیە بۆکەسی دبلۆماتکار کاتێك دانوستاندن دەکات پشت بەستوو بێت بە هێزێکی سەربازی ئامادە). ( عبدالغفور کریم علی ، و مسعود حمید اسماعیل ، 2016 : 333).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت دیپلۆماسیەت و هێزی سەربازی دووانەیەکی لەیەك دانەبڕاون، هەردەولەتێك کە لەڕووی سەربازییەوە جوڵە دەکات بەبێ ئامانجێکی سیاسی دیاریکراو ، هەروەها پشت بەستوو بەدیپلۆماسیەتێکی ژیرانەو لۆجیکانە، هەمیشە دەست کەوتە سەربازیەکانی لە دە ست دە دات ودروستکردنی کێشە بۆی هیچی تر نیە کە دەشبێت دەستبەرداری ئەو سەرکەوتنانەش بێت، بەهەمان شێوە ئەو دەوڵەتەی هەردەست پێشخەریەکی دبلۆماتی کەلەپشت ئەو دەست پێشخەریەوە ئەگەرەکان خوێندنەوە نەبێت بۆتوانا هەمەچەشنە سەربازییەکانی جگەلەوەی کەناگات بەئامانجەکانی بەڵکو کۆمەڵێك کێشەی درێژخایەنیش بۆ دەوڵەت دروست دەکات (عبدالغفور کریم علی و مسعود حمید اسماعیل، 2016 : 334).

دیارە سەقامگیرو ئاشتی نێودەوڵەتی بەندە بەپەیوەندی جێگیر وبەردەوامی نێوان دەوڵەتان لە جیهاندا(د.عدنان سید حسین، 2003 : 238).

وڵاتانی زلهێزی وەك ئەمریکا و روسیای فیدراڵ هەمیشە لە گفتۆگۆکانیاندا جگەلە باوەڕبونیان بە میکانیزمە دیپلۆماتیەکانی هەمیشە سازش بۆ یەکتر دەکەن، لە نموونەی ئەو سازشانە کاتێك یەکێتی سوڤێتی جاران ساڵی 1968 دەست تێوەردانی کرد لە چیکۆسلۆڤاکیا وە ئەمریکا هیچ دەنگێکی لێوەنەهات، کە جیهان سیستەمی دووجەمسەری بەسەریدا زاڵ بووبەرامبەر بەوە یەکێتی سۆڤیەتیش هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو کاتێك شۆڕش لە پرتوگال ڕوویدا و سۆڤیەت پشتی کردەشیوعییەکانی شیلی(د.أحمد رهبان،2007: 127).

ئەم کارانەش لە بواری دیپلۆماسیەتدا بەموساومە دادەنرێت کەیەکێکە لە بنەماکانی دانوستاندن.

**یەکەم: ناساندنی دانوستاندن:**

دانوستان واتە یەکسانی و هاوبەشی کردن و دانی شتێك وە وەرگرتنی شتێکی ترلە جیاتی (ابن منظور، 2004 :415) ، هەرچەندە پێناسەی دانوستاندن یاخود دانوستاندن زۆرە و هەر کەسێك کە پسپۆرە لەم بوارەدا بە جۆرێك پیناسەی دەکات . د(عبدالامیر الانباری) دەڵێت:( دانوستاندن باشترین ڕێگاو میکانیزمە بۆ رێکخستنی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان ، ئیتر ئەو پەیوەندییە پەیوەندی دووقۆڵی دوو دەوڵەت بێ یاخود کۆمەڵە دەوڵەتێك لە دەوڵەتانی جیهانی(د.عبدالامیر الانباری ، 1987 :60).

هەروەها(دکتۆر محمد علیوة) دەڵێ دانوستان بریتییە لە پەیوەندی زارەکی و لە ڕێگای قسەکردن و گفتوگۆ وە لە نێوان دوولایەن یان زیاتر بەمەبەستی گەیشتن بە رێکەوتننامەیەکی هاوبەش کە هەردوو لایەنی – دانوستان- کە پێی هەڵدەسن لە ریگەی گفتوگۆکردنە.

هەرچەندە (دکتۆر صالح الشاعري) پێناسەی دەکات بەوەی کە دانوستان بریتییە بێت لە(مناقشات) و گفتوگۆکردن و هەردوولایەن هەڵدەسن بە خستنەڕووی پێشنیازوبۆچوونەکانی خۆیان و گوێگرتن و وەرگرتنی پێنشنیازو و بۆچوونی یەکتر(د.صالح یحي الشاعري، 2006: 29).

لەگەڵ گەشەسەندنی مرۆڤایەتی و بەرەوپێشچوونی شارستانییەتەکاندا دانوستان و لێك تێگەیشتن هەبووەو بەرەو پێشچووە ، هەروەك چۆن شارستانی( وادی الرافیدین) لەبابل و (سومر) سوودیان لەم جۆرە تەکنیکە دیپلۆماسیە وەرگرتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکان لەگەڵ شارستانی دەوروبەرو رێکخستنی بازرگانی ومامەڵە جیاوازەکان و بەهەمان شێوە سوود لەدانوستان کراوەو خەڵکی شارەزا و کەسایەتی بەهێز تەرخان کراوە کەبەم کارە هەڵسن کە سوودیان لێ وەرگیراوەبۆ بواری سیاسیش(د.شوقی ناجی جواد، عباس أبو التمن، 1991: 32-31).

دانوستان درێژەی پێدراوە و، کاری پێکراوە هەتاکو گەیشتن بە پەیماننامەی ویست ڤالیا ساڵی(1648)، ودەرکەوتنی دەوڵەتی نەتەوەیی پاشان بەدانوستان دەوترا ( دبلوماسیة/ المؤتمرات) دیپلۆماسیەتی کۆنگرەکان و، هەموو کیانێکی سیاسی و دەوڵەتێك پەیرەوی دەکرد تا گەیشتن بە قۆناغی هاوسەنگی هێزەکان و پاش هەردوو جەنگی جیهانی و لەسەردەمی جەنگی ساردو تاکو ئێستا دانوستان کاری پێدەکرێت(د.مثنی علي المهداوي، 2007: 1).

لەبەر ئەوەی پەیوندییە نێودەوڵەتییەکان هانی بڵاوبوونەوەی دانوستان وکارپێکردن دەکات بە میکانیزمەکانی هەموو دەوڵەتێك بەئارەزوومەندانەوە ئازادانە رووڵە دانوستان دەکات، جگەلەوەش هەردەوڵەتێك کە داوای دانوستان دەکات لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بە( حسن النیة) دەدرێتە قەڵەم کە شەڕ خوازنیەو حەز بە ئاشتی و سەقامگیری ناوچەکە دەکات ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە لە دانوستان هەردەوڵەتێك ئازادە بەئەنجام دانی ئەم میکانیزمە یاخود دواخستنی بۆ کاتێکی دیاریکراو ، بۆیە هەڵبژاردنی دانوستان بەپێی هەموو رێکەوتننامە و بەڵگەنیودەوڵەتیەکان بەباشترین میکانیزم دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە نیودەوڵەتیەکان بە رێگای ئاشتیانە بەڵکو تەنانەت رای زۆر هەیە، کە دەڵێت دەبێت دەوڵەت سەرجەم رێگا دیپلۆماسی و سیاسی و ئیعلامییەکان بەکار بهێنێ پێش بەرزکردنەوەی هەرکێشەیەك بۆ (التحکیم أو القضاء ) بۆ لجنەی تحکیم یاخود دادگای دادی نێودەوڵەتی(کاظم هاشم نعمە، 1988: 415).

بۆیە هەموو دەوڵەتانی جیهان پێش واژۆکردنی هەر رێکەوتننامەیەك دانوستان دەکەن.

واتە گرنگی ئەنجامدانی دانوستان بۆ دوولایەن لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەریەکەیان جۆرێك لەبەرژەوەندی هەیەو پێداویستی تایبەتیشی هەیە، کە دابین بکرێت واتە لەنێوان دوولایەن کە دانوستان دەکەن بەرژەوەندی و ئامانجی دژبەیەکیان هەیە بۆیە یەکێك لەبنەماکانی دانوستان سەرەتا هەردوولایەن دەبێ بروایان بەوە هەبێت کە هەرکەیان دەبێت سازش بەرامبەرلایەنی بەرامبەر بکات بۆ دەستکەوتنی ئامانجێکی دیاریکراو کە خواستیەتی بەدیبهێنێ. یاخود هەردوولایەن سازش لەپێگەیەك یان دەستکەوتێك بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی گەورەتر بۆ هەردوولا (فکرت نامق العاني، 2002: 19).

لەگەڵ ئەوەشدا دانوستان کە سوودی زۆرە، سەرکەوتنی دانوستانەکان بەستراوەتەوە بەنیەت باشی هەردوولا وە هەوڵدانی هەردوولا بۆ سەرکەوتنی دانوستانەکە، وە پێویستە دوولایەن کە دانوستان دەکەن هاوسەنگیەك هەبێ لەنێوان هێزی هەردوولا ، ئەگەر ئەو هاوسەنگیە نەبێت مەترسی ئەوە هەیە هەموو مەرجەکانی دەولةتی بەهێز فەرزبکرێت بەسەر دەوڵەتی لاواز، لەگەڵ هەموو ئەو بۆوچونانەش بەڵام دانوستان وەك رێگەچارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ نەهێشتنی لەیەك نەگەیشتن و ساردکردنەوەی هەموو کێشە گەرمەکان بەچاکترین رێگا دادەنرێت(سموحي فوق العادة، 1969 : 678).

## دووەم: پێگەی دانوستان لەبەڵگەنامەنێوودەوڵەتیەکان:

پێش ئەوەی باس لە دانوستان بکەین لەبەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکاندا دەبێ بزاین دانوستان هەمیشە بەمەبەستی چارەسەری کێشە نیە، زۆرجار دانوستان ئەنجام دەدرێت بۆ دروستکردنی پەیوەندی یاخود بەرفراوانکردنی ، یاخود مەبەست لە دانوستان تەنها تەکنیك نیە، پەیوەست بێت بە دەوڵەت و پیاوانی دەوڵەت بەڵکو ئەو تەکنیکە هەموو رێکخراوێکی سیاسی و ئابووری و بگرە هەموو رێکخراوێك تەنانەت ئەگەر لۆکاڵیش بێت بیزانی و بەکاربهێنێ وەك رێکخراوی ژنان، رێکخراوی کرێکاران، رێکخراوە پیشەییە جیاوازەکان بەڕای ئێمە تەنانەت پێویستە ئەندامانی خێزانیش لەسەر ئەم تەکنیکە ڕا بهێنرێن و دان بەمافی بەرامبەردا بنێن و، کەسانی نزیك لە خۆمان وافێربکەین چۆن پێمان خۆشە سوود لە ئامانجێك بکەینکەبەدەستی دەیەنین دەبێ پێمان خۆش بێت بەرامبەریش زەرەرناکات بەڵکو سوود وەربگرێت.

لێرەدا باسی بەڵگەنامەنێودەوڵەتییەکان دەکەین ، باسی رێکەوتننامە و بەڵگەنامەی لاهای دەکەین کە ساڵانی (1899) و(1907) بەستراوە کەباس لە گرنگی چارەسەری ئاشتیانە دەکات بۆ کێشە کردۆتەوە نێودەوڵەتیەکان. پاشان (کۆمەڵەی گەلان و دادگای هەمیشەیی نێودەوڵەتی) بەهەمان شیوە جەختیان سەربەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی نێودەوڵەتی وەلەساڵی (1954) لە پرۆتۆکۆڵی جنێف دیسان جەختیان لەسەر هەمان مەبەست کردەوە بە هەمان رێچکە نەتەوە یەکگرتووەکان کە میرات هەڵگری کۆمەڵەی گەلان و دوای جەنگی دووەمی جیهانی دامەزرا ، کە جەنگی قەدەغەکرد و دانوستان و بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکانی کردە یەکێك لە پرانسیپەکانی(د.کاظم هاشم نعمە، 1988 : 409-410

بۆیە هەموو دەوڵەتێك لای خۆیەوە گرنگی دەدات بە دانوستان و ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی تر و دانوستان بۆتە هۆکارێك کە دەوڵەت لە رێگایەوە بە ئامانجەکانی بکات لە رێگەی سیاسەتی دەرەوە تەرخانکردنی خەڵکی شارەزا و پسپۆر گرنگی بەم بوارە دەدەن.

لێرەوە دەردەکەوێت هەموو کێشەیەکی نێودەوڵەتی دەبێت لە ڕێگەی دانوستان و میکانیزمەکانیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدرێت وەك ڕێگە چارەیەکی ئاشتیانە وە ئەگەر چارەسەرنەبوو پاشان داوای پێکهێنانی (تحکیم دولی) دەکەن ، ئەگەر هەرچارەنەکرا بەرزەکرێتەوە بۆ ( دادگای دادی نێودەوڵەتی).

ئێستا هەموو کێشە نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە چارەسەر دەکرێت وەك کێشەی چەك داماڵین و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم و بەرەنگابوونەوە وبلاوبونەوەی چەکی ئەتۆمی و.. هتد..

دیسان دەگەڕێینەوە سەر ڕۆڵی بەڵگەنامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کە وەك بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی زیاتر کاردەکات لەسەر دابینکردنی ئاشتی نێودەوڵەتی لەگەڵ ڕوودانی هەرکێشەیەکی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکان هانی لایەنەکان دەدات دەست بەگفتوگۆ و دانوستان بکەن وەئەگەر نەگەیشتنە چارەسەر دەکرێت لە ڕێگەی نێوەندگیری و( مساعی حمیدة) هەوڵ دانی نیازپاکی کەلەلایەن سکرتێری نەتەوەیەکگرتووەکان یان لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرێکی نیازپاکی دەنێرێت وە ئەگەر نەگەیشتنە ڕێکەوتن دەکرێت لە ڕیگەی تحکیم یاخود دادگای دادی نێودەڵەتیەوە چارەسەربکرێت بۆیە کاری نەتەوەیەکگرتووەکانە پارێزگاری لەئاشتی و ئاسایشی جیهان بکات کەلەپێشدا هانی لایەنەکان دەدات گفتوگۆ بکەن و بەرێگای دیپلۆماسی و نێوەندگیری و تحکیم ودادگای دادی نێودەوڵەتی کۆتایی بەکێشەکە بهێنن بەپێی (الفصل السادس) ، وەئەگەر هەر ڕێك نەکەوتن نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ بەپێی( الفصل السابع) هێز بەکار بهێنی بۆ کۆتایهێنان بەهەرکێشەیەك ، کە بەپێی ( فصل السادس) چارەسەرنەکرا(نزیه علی منصور، 2009 : 63).

دیارە وەك ئاماژەمان پێ دا بەڵکەنامە نێودەوڵەتیەکان وەك بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە جەختی لەسەر کردووە بۆ دابین کردنی ئاشتی و ئاسایشی جیهان و چەسپاندنی یەکسانی و ڕێزگرتن لە پاپەندبوونی نێودەوڵەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی خۆش گوزەرانی بۆ گەلانی جیهان و گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی(رامز محمد عمار، 2003 : 16).

## سێیەم : کاریگەری دانوستان لەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی :

•هەموو جیهان بەسەرجەم دەوڵەتە جیاوازەکان گرنگی دانوستانیان بۆ دەرکەوتووە لە چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتیەکان کە بەڕێگا چارەیەکی ئاشتیانە دەدرێتە قەڵەم .

•ووڵاتانی جیهان کە بەرژەوەندی دژ بەیەکیان هەیە یان خواستی جیاوازیان هەیە حەز دەکەن ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن ئەگەر چی دەوڵەتی بەرامبەر زەرەر بکات ئەمەش وا دەکات قەیران و ململانێ دەست پێ دەکات ،کە هەر لەسەرەتای قەیران و ململانێ کە ئەو دەوڵەتانەی کە کێشەیان هەیە تووشی زیان دەبن کە کێشەکە چارەسەر ناکرێت.(بشیر العلاق ، 2007: 18)

بۆ هەموو کێشەیەك بەتایبەت لە کێشە نێودەوڵەتیەکاندا چارەسەری مام ناوەند هەیە کەلایەنی بەشەڕ هاتوو یاخود کە لێك نەگەشتنیان هەیە پەنای بۆ دەبەن واتە هەردوو لایەن ڕازی دەبن نەقازانج بکەن نە زەرەر لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندی هەردوو لایەن مسۆگەر دەکات(نادر أحمد أبو شیخة، 2009 : 234)..

## باسی دووەم / تحکیم دولی وەك یەکێك لە میکانیزمە دادوەریەکان بۆ ئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان

باسمان لە میکانیزمەکانی بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان کرد کە چەند میکانیزمێکە وەك میکانیزمی دبلوماسی و سیاسی و دادوەری،هەروەها باسی (دانوستان )مان کرد وەك گرنگترین میکانیزمە دبلوماسی یەکان .

بەڵام کەدێینە سەر میکانیزمە دادوەری یەکان دوو میکانیزم دەگرێتەوە (تحکیم الدولی)و (قضاء الدولی) واتە دادگای دادی نێودەوڵەتی .

لێرەدا هەوڵ دەدەین (تحکیم الدولی) باس بکەین کە یەکێکە لەو میکانیزمانەی لە جیهاندا زۆر کاری پێ دەکرێت بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان .

(تحکیم الدولی) لە قرأن ی پیرۆز لەچەند ئایەتێکدا ئیشارەتی پێداوە کە خوای گەورە دەفەرموێت : (وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُواْ حَكَمًا

مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا).(سورة نساء , ئايەتی ژمارە-35).

هەروەها فەرموودەی قورئانی پیرۆز(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَ يَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيمًا)(سورەتی نساء . ئایەتی ژمارە -65).

(تحكیم الدولی)یەكێكە لە شێواز و ڕێگا یاساییەكان،كە لەیاسای گشتی نێودەوڵەتی و پشت بەستو بە ڕێكەوتنامەی لاهای ساڵی 1899 پەیوەستە بە ئاشتی چارەسەركردنی ململانێ نێودەوڵەتیەكان. (أحمد بن علی ،2015 )

## پایەكان یاخود ڕەگەزەكانی (تحكيم الدولي):

-(تحكیم الدولی)ڕێگایەكە بۆ چارەسەركردنی ئاشتیانەی ململانێ نێودەوڵەتیەكان و پشت بەستوە بە یاسای گشتی نێودەوڵەتی وەبڕیاری ماف دەدات وە فەرزی پابەندبوون دەدات (تقرر حقوقا وتفرض التزامات)وەكەباسی ماف و یاسا دەكات لە بڕیارەكانی (تحكیم)مەبەست یاسای گشتی نێودەوڵەتی یەو یاسای ناوخۆ ناگرێتەوە

-كاتێك (تحكیم)چارەسەری كێشەیەك دەكات بەهۆی ئەو دادوەرانەوەیە كە پێشتر دوولایەنە ناكۆكەكە (دەست نیشانیان كردووە).

-كاتێك دوو وولاتی ناكۆك واژۆی ڕێكەوتنامەیەك دەكەن كە ململانێ كە (تحكیم)بڕیاری لەسەر بدات بەپێ ی ئەو ڕێكەوتنامەیە بەئیرادەی خۆیان دەبێ پابەندبن بەشێوازی كاركردن و بڕیار دانی (لیژنەی تحكیم)و دەرئەنجامی بڕیارەكان

**-هەموو بڕیارەكان(تحكيم دولي)ملزمن.**

بەپێ یاسای گشتی نێودەوڵەتی دەبێ ململانێ و كێشە نێودەوڵەتیەكان بەمیكانیزمەكانی چەسپاندی ئاشتی چارەسەر بكەین .

وەهەرچەندە دوای جەنگی جیهانی یەكەم لە ساڵی 1920 دادگای دادی هەمیشەی دامەزرا بەڵام بەپێ ی (میثاق عصبة الامم) بەڵگەنامەی كۆمەڵەی گەلان جەنگ قەدەغە نەكرا وەدەوڵەتانی جیهان پابەند نەكران بەوەی ئاشتی یانە چارەسەری ململانێ نێودەوڵەتیەكان بكەن چونكە وەك ئاماژەكان پێ دا كۆمەڵەی گەلان جەنگی قەدەغەنەكرد. بەڵام بوونی دادگایەكی تایبەت بە چارەسەركردنی ململانێ نێودەوڵەتیەكان خۆی لە خۆی دا بەرەو پێش چوونێكی باش بوو بۆ چارەسەركردنی ئاشتیانەی ململانێ نێودەوڵەتیەكان بەڵام دوای جەنگی جیهانی دووەم و دامەزراندنی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان دادگای دادی نێودەوڵەتی دامەزرا و بەپێ ی بەڵگەنامەی نەتەوە یەكگرتووەكان جەنگ قەدەغەكرا لە هەموو دەوڵەتانی جیهان و گەڕانەوە بۆ هەموو ئەو میكانیزمانەی كە ئاشتی دەپارێزن كرایە پرنسیپێكی گرنگ و جۆرێك پابەندبوونی لەلایەن دەوڵەتانەوە دروست كرد.

واتە لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت (قضاء العدلي) بەكاردەهێنرێت وەك (دادگایەكی هەمیشەی) والقضاء التحكيمى وەك دادگایەكی نێودەوڵەتی بەكاردێت(احمد سرحال ،1995: 450)

لەگەڵ ئەوەی هیچ جیاوازی یەك نی یە لەنێوان (القيمة القانونية) بایەخی یاسای ئەو بڕیارانەی كەلە دادگای دادی نێودەوڵەتی دەردەچن یاخود لە ئەنجومەنی تحكیم نێودەوڵەتی یەوە(هيئة التحكيم الدولية) دەردەچن .

ئەو بڕیارانە(حكم) قاطع و ملزمن بۆ ئەولایەنانەی كە ململانێ و كێشە لەنێوانیان دایە.

پەنابردنی دەوڵەتان بۆتحكیم لە دوو حاڵەت بەدەرنی یە یەكەمیان كاتێك دوو دەوڵەت ڕێكەوتنامەیەك واژوو دەكەن لە ڕێكەوتنامەكە یاخود لە (ملحق) ڕێكەوتنامە ئیشارەت بەوەدەدات ئەگەر تووشی هەر كۆسپێك بوون لە (تفسیر)معاهدە كە یاخود چۆنیەتی جێبەجێ كردنی پەنا بۆ تحكیم ببەن واتە پێش سەرهەڵدانی ململانێ .حاڵەتی دووەم ، كاتێك دوو دەوڵەت كێشەیەكیان هەیە بڕیار دەدەن لەڕێگەی تحكیم چارەسەری بكەن بەحالەتی یەكەم دەوترێت تحكیمی ئیجباری و بەحاڵەتی دووەم تحكیمی (اختیاری)(أحمد بلقاسم،2006: 121).

زۆر وولات كە كێشەی یاخود ململانێ ی هەیە لەگەڵ دەوڵەتێكی تردا، كەمیكانیزمی بەئاشتی چارەسەركردنی ململانێ نێودەوڵەتیەكان هەڵدەبژێرێت لەنێوان تحكیم و دادگای دادی نێودەوڵەتی ، تحكيم دولي هەڵدەبژێرێت لەبەر چەند هۆكارێك لەوانە ( تحكیم الدولی) نهێنی كەیسەكە دەپارێزرێت وەكەس ناتوانێ ئاگاداری ووردەكاری كەیسەكە بێت جگە لە دوولایەن و پارێزەرەكانیان و حاكمەكان ئەوانیش نهێنی

دۆسیەکە دەست پێوەدەگرن بەپێچەوانەوە ی دادگای ئاساییەوە کە هەموو نهێنیەکان ئاشکرا دەکرێت و ناتوانرێت بەری پێبگیرێت کە ئەمەش زیان بەلایەنەکان دەگەیەنێت یەکێکی تر لەباشی یەکانی تحکیم پارێزگاری لەپەیوەندی نێوان دوولایەنەکە دەکات کەململانێیان هەیە لەگەڵ یەکتر، هەروەها تحکیم ڕێگایەکی هێرش کردنە سەر لایەنەکان نی یە بەڵکو شێوازی نەرم و زیاتر ئەو ڕێگایانە بەکاردێنێ کەلێك تێگەشتن دروست دەکات لەنێوان لایەنەکان و یەکێکی تر لە باشیەکانی تحکیم گەرانەوەی کاتە هەندێك کێشە لەچەند مانگێك هەندێکی تر لەکێشەکان بەچەند هەفتەیەك کۆتای دێت هەروەها لە تحکیم دولي لایەنەکان بە هاوبەش حاکمەکان دادەنێن .یەکێکی تر لەباشیەکانی تحکیم پارەو تێچوونی کەمتر تێ دەچێت جیاواز لەوکەیسانەی لە دادگای ئاسای ئەنجام دەدرێت جگە لەوەی بەچەند قۆناغێکی سەختدا تێ دەپەرێت وەك قۆناغی ابتدائی و استئناف و نقض لەگەڵ ئیشکالاتی تنفیذ(سمیر جاویدات ، 2014: 22).

جیاوازی (صلح)و(تحکیم دولي):

کاتێك دوولایەن دەیانەوێت صلح بکەن هەردوو لایەن دەبێ گفتوگۆ بکەن و جەوهەری صلح ئەوەیە کەدەبێ هەردوولا هەندێ سازش(تنازل) لەهەندێك لە مافەکانی خۆیان بکەن بۆ یەکتر لەگەڵ ئەوەشدا صلح تەنها رێکەوتنێکە لەنێوان دوولایەن وەتنفیذ ناکرێت مەگەر حوکمێکی دادگای پێ دەربچێت(د.علی رمضان برکات ، بدون سنة : 53).

بەڵام لە تحکیم دوای ئەوەی هەموو زانیاری و بەڵگەنامەکان دەدرێت بە تحکیم دولی تحکیم خۆی بڕیار دەدات بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ململانێ نێودەوڵەتیەکان (د.مختار احمد بربری،

1995: 17).کەباسی تحکیم دەکرێت چەند زاراوەیەکی تر دێتە بەرچاو وەك نیوەندگیری و توفیق. کە ئەم دووانەش لەمیکانیزمە دبلوماسی یەکانن بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان . بۆیە پێویست دەکات ڕۆڵی نیوەندگیری و توفیق روون بکەینەوە .

### -توفیق :

کاتێك دوو دەوڵەت کە ململانێ لەنێوانیاندایە و بڕیار دەدەن بەئاشتی یانە کۆتای بەو ململانێ یە بهێنرێت لایەنێك یان کەسێك دیاری دەکەن کە ڕۆڵی (توفیق) بگێرێت .واتە لەنزیك کردنەوەی ڕوانگەی هەردوولا و بەیەك گەیاندنی داواکاری هەردوولا بەیەکتر و کۆتای هێنان بەکێشە کە(د.مختار احمد بربري،1995: 17.).

### -نێوەندگیری (الوساطة):

یەکێکە لەشێوازەکانی توفیق واتە نزیك کردنەوەی ڕوانگەی هەریەکەیان لەوی تر ،واتە کاری نیوەندگیری ..ئەوەیە وەك شارەزایەك دێتەکێشەکەو بۆ چوونەکانی هەریەکیان لەوی تریان نزیك دەکاتەوە و، پێشنیازی چارەسەر دەکات ئەگەر لایەنە ناکۆکەکان پێ ی ڕازی بوون،ئەو پێشنیازە دەکرێت بەنوسراوێکی فەرمی و هەردوولایەن واژووی دەکەن وە ئەگەر ڕازی نەبوون و نوسراوەکە واژوو نەکرا،ئەوکات نوسراوەکە هیچ بەهایەکی نابێت (د.علي رمضان برکات، : 56.)

### بڕیارەکانی تحکیم ملزمن :

بڕیارەکانی تحکیم دەردەچێت لەسەر بنەمای ئەوەی لایەنەکان کە ململانێ یان هەیە لە ڕێکەوتنامەیەکدا ڕێك دەکەون بەئیرادەی خۆیان ململانێ کە دەخەنە بەردەم تحکیم کە بڕیاری لەسەر بدات ،بۆیە هەر بڕیارێك بدات تحکیم (طابعێکی ملزمی)هەیە چونکە لەسەر ئەساسی ئیرادەی لایەنەکان بنیادنراوە کە لەرێکەوتنامەیەکدا بەبڕیاری تحکیم ڕازی بن هەروەها بڕیاری تحکیم لەسەر بنەمایەکی یاسای توند و تۆڵ دەردەچێت بۆیە بڕیارەکانی تحکیم ملزمن .

سەبارەت بەو ململانێ یانەی کە هەیە لەنێوان چەند دەوڵەتێك مەبەست لێرەدا دوو دەوڵەت وزیاتر سەبارەت بەتفسیری ڕێکەوتنامەیەك دەکرێت تحکیم بانگەواز بکات لەکاتێکی گونجاو بڕیارەکانی سەبارەت بەتفسیری ڕێکەوتنامەکە بخاتە ڕوو.

پاش خستنە رووی رای تحکیم سەبارەت بە (تفسیر) ی رێکەوتنامەکە سەرجەم دەوڵەتانی بەشدار لە رێکەوتنامەکە (ملزمن) بەو تەفسیرەی، کە کراوە واتە بۆ جێ بەجێ کردنی،وەبریاری تحکیم پێویستی بەتصدیق نی یە لەلایەن هیچ دەوڵەتێك هەروەها دادگای نیشتمانی هیچ دەوڵەتێکیش بۆی نیە دەست تێوەردان لەبریاری تحکیم بکات .

بەپێ ی مادە (81)لەرێکەوتنامەی لاهای (1907) ئاماژەی بەوە داوە کە بریاری تحکیم سنوور بۆ ململانێکان دادەنێت وەسیفەتی (قطعی) هەیە. هەروەها بەپێ ی مادده (30) لە نموونەی (قواعد تحکیم) "نموذج قواعد التحکیم" ئاماژەی بەوەداوە کە بریاری تحکیم ملزمە سەبارەت بەلایەنەکان هەروەها لەگەڵ دەرچوونی بریاری تحکیم دەبێت وولاتانی پەیوەست بە ململانێکان کەبریاری تحکیم دەیان گرێتەوە دەبێت دەست بکەن بە دەرچواندنی یاسای پێویست و ئامادەکردنی پیداویستی یە دارایی و دادوەریەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ چەسپاندنی بریارەکانی تحکیم (احمد بلقاسم،2006 : 214.)..

سەبارەت بە (إعادة نظر) لەبریاری تحکیم ئەو کاتە دەچێتە بواری جێ بەجێ کردن بۆ چاوخشاندەوە بەکێشەکە .. کە پێشتر هەردوولایەنی ناکۆك رێکەوتنامە واژۆ دەکەن لەرێکەوتنامەکەدا دەست نیشانی (إعادة نظر) پیاچوونەوە بەکێشەکەدا بکرێت واتە ئەگەر لەو رێکەوتنامەیە باسی (إعادە نظر) نەکرابوو بریاری تحکیم ملزمە و دەبێ تنفیذ بکرێت بەبێ ئەوەی لایەنەکان مافی چاوخشاندنەوەیان هەبێ بەسەر کێشەکە . ئەویش بەپێ ی ماددەی (55) لەرێکەوتنامەی لاهای 1899 کە دیسان مادەی 82 رێکەوتنامەی لاهای 1907 ئاماژەی پێداوەتەوە(نصر الدین أحمد تجاني ،2018: 46).

سەبارەت بە (طعن)تانەلێدان سەبارەت بە تفسیری (قرار تحکیم)بەپێ ی ماددەی 82 لەرێکەوتنامەی لاهای 1907 لایەنەکان ئەو مافەیان هەیە (رۆسو شارل، 1982: 311)..

## بەشی دووەم/ رۆڵی دانوستان و تحکیم لە چارەسەری ئاشتیانەی ململانێ نێودەوڵەتیەکان

سەرکەوتنی هەرمیکانیزمێك و بەدەستهێنانی ئامانجێکی باش بەستراوە بەو کێشەو ململانێیانەی کە بەئاشتیانە چارەسەر کراوەو کۆتایی پێهێناوە بەکێشمەکێشی ململانێیەکان . لێرەدا و لەم بەشەدا نمونەی ململانێ نێوان چین و تایوان باس کراون لە رێگەی دانوستان و بەشێوازێکی ئاشتیانە چارەسەرکراوە و هەروەها باس لە ململانێ نێوان یەمەن و ئەریتریاکراوە کەلە رێگەی( تححکیم دولی) بەشێوازێکی ئاشتیانە چارەسەرکراوە.

### باسی یەکەم: رۆڵی دانوستان لەچارەسەرکردنی ململانێ چین وتایوان

کێشەی نێوان چین وتایوان دەتوانین وەك سەرەتایەك لەسەرەداوی جەنگی جیهانی دوومەوە باس بکەین ، کە کاتێك چین چووە بەرەی هاوپەیمانی، کەئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەردوو حزبی نیشتمانی و شیوعی هاوکاریەك بکەن و بەیەك ریزچوونە جەنگی جیهانی دووەم ، کە دژی یابان شەریان کرد، وە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی هەردوو حزب کەوتنەوە ململانێ یەکتر. دیارە حزبی شیوعی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری دەکراو حزبی نیشتمانی لەلایەن ئەمریکاوە . لە کۆتایی ململانێکەدا حزبی شیوعی توانی حزبی نیشتمانی دووربخاتەوەو توانی پایەتەخت بگرێت لەساڵی (1949) بەم شێوەیە لایەنگرانی حزبی نیشتیمانی روویان لەفەرمۆزا کرد.

( مصطفی الدباغ، 1999: 251.).

بەم شێوە پەیوەندیەکی ناجێگیروپر ئاڵۆزی لەنێوان چین و تایوان دروستبوو.

بەم شێوەیە ئەو پەیوەندیە ناجۆرەی کاریگەری هەبوو لەسەر بارودۆخی نێوان هەردووکیان وئەمریکایش وەك لایەنێکی دیارکاریگەری هەبووە لەسەر هەردوولایەن ، هەر ئەم هۆکارانەی وای کرد کەلە ئایاری ساڵی (1999) هێزی ئاسمانی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەفارەتی چین بدەن. لە یۆغسلافیا بەپاساوی هەڵەکردن لە کاتی بوردومانە ئاسمانیەکان . دیارە ئەمریکا بەردەوام چەك و هاوکاری سەربازی گەیاندۆتە تایوان کە بۆتە هۆی نیگەرانی چین ، دیارە تایوان لە رووی نێودەوڵەتیەوە پەیوەندی بازرگانی و دیپلۆماسی باشی لەگەڵ رۆژئاوا و ئەوروپا دا هەیە و بەهەمان شێوە تایوان توانیویەتی دان پیانانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەستبهێنێ، دیارە چین زۆر لە دوای ئەوبەروارانەوە دانی

پیانراوە وەك دەوڵەتی سەربەخۆ .

چین لە ساڵی 1949 تایوان بەبەشێکی جیانەبووەو دانەبڕاولە خۆی ئەژمار دەکات بەبەردەوامی. ( مصطفى الدباغ، 1999: 253-252).

دوایین قەیران لەنێوان چین وتایوان ساڵی 1999 بوو کاتێك سەرۆكی تایوان رایگەیاند کە تایوان پێویستە دەوڵەتێکی جیابووە بێت لە چین بۆیە چین پەیامەکەی وەك خۆی وەرگرت کە دەچێتە قاڵبی ئەوەی کە تایوان خۆی بەبەشێك لە چین نازانێت کەئەمەش پێچەوانەی ئەو وتووێژانە بوو کە پێشتر لە نێوان هەردوولا ئەنجامدرابوو. بۆیە ئەمەش وایکرد لە چین بیر لە کاری سەربازی بکاتەوە دژی تایوان لەکاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی.. هەرلە درێژەی رەفتارە بەرەنگارییەکانی چین بەرامبەر بە تایوان ڕاگەیاندنی چین بو ، کە خاوەنی بۆمبی نێترۆنیە ، کەئەم جۆرە چەکە زۆر پێشکەوتوو وبەدەیان کەرەت لە بۆمبی ئەتۆمی بە هێزترە، هەروەها راگەیاندنی چین بەوەی ،کە مانۆڕی سەربازی ئەنجام دەدات لەناوچەی(مضيق تايوان) (گەرووی تایوان) وە لە درێژەی قەیران و ململانێیکە سەرۆكی چین بەسەرۆكی ئەمریکای راگەیاند، کە چارەسەری سەربازی بە دوور نازانین بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە.

دیارە هەر ئەم کێشانە بوو کە ساڵانی (1995-1996) بووە هۆی ئەوەی چین لە( گەرووی تایوان) مانۆڕ ئەنجام بدات ، چەندەها چەکی قورس بەکار بهێنێت و کار گەیشتە ئەوەی کە رۆکێتی زەمین بە زەمین بەکاردەهێنێت بۆکەنارە ئاوییەکانی تایوان ، ئەمەش وەك وەڵامدانەوەیەك کاتێك سەرۆك وەزیرانی تایوان سەردانی ئەمریکا کرد. دیارە ئێستا هاوکیشەکان گۆڕاون و هێزی تریش هاتوونەتە ناو هاوکێشە کە وەك کۆریای باکوور کە خاوەنی چەکی ستراتیژی و ئەتۆمییە . کە چەند جارێك ناوچەکەی خستۆتە بەردەم هەڕەشەی جەنگ و دواین جار تاقیکردنەوەی موشەکێك بوو کە ئاسمانی یابانی بڕی کەئەمە ش جۆرێك لە ئالۆزی لەناوچەکە دروستکردلە ساڵی (1998) کە مانگە دەستکردەکان جموجوڵی تریشیان تۆمارکرد کە هەمووی ئاماژەبوون بۆ تاقیکردنەوەی دووەم، بۆیە جۆرێك لە جەمسەرگیری لەناوچەکەدا دروستبوو کە چین ترسی ئەوەی هەبوو کە هەرجوڵەیەکی سەربازی بکات دوور نیە یابان و ئەمریکا بەپشت بەستن بە تایوان لەڕووی سەربازییەوە مەترسی لەسەر چین دروست بکەن.

لەبەرامبەردا تایوان ئاماژەی بەوەدا کە تایوان سەربەخۆی ڕاناگەیەنێت کە وەك چین بە پێچەوانەوە تێگەیووە،.

لە هەمان کاتدا وڵاتە یەکگرتووەکان ڕاگەیاند کە هەمیشە بڕوایان بەوە هەیە چین یەك پارچەیەو(خضر عباس عطوان ، 2004: 50.) ،داوای لە هەردوولایەن کردکە پەنا بۆهێزنەبەن بۆ چارەسەرکردنی کیشەکە و لە ڕیگەی ووتووێژو چارەسەری ئاشتیانە چارەسەری ئەو کێشەیە بکرێت.

هەروەها لە درێژی هێوکردنەوەی کیشەکە ئەمریکا ڕایگەیاند ئەو شاندەی کە لە بەرنامەدا بوو سەردانی تایوان بکات هەڵوەشاندووەو ئەمریکییەکان شاندێکیان نارده هەردوولا وەك نیازپاکییەك بۆ رەواندنەوەی قەیران وکیشەکە ..

دیارە پەیوەند نێوان وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری چینی میللی لە ساڵی(1949) تاکوە سەرەتاکانی هەفتاکان بریتیە بوو لەدژایەتیەکردن، بۆیە واشنتۆن دانی بە وەدانەنا، کە کۆماری چینی میللی نوێنەری بەرژەوەندی چین بکات و بەئاشکرا پشتگیری تایوانی دەکرد. ئەم هەڵوێستە لەساڵی(1972) گۆڕا کاتێك سەرۆکی ئەمریکی نیکسۆن سەردانی چینی کرد و قۆغێکی نوێ لە پەیوەندییەکان دەستپێکرد لەنێوان دوو دەوڵەت تێگەیشتنێکی نوێ لەنێوان ئەمریکییەکان و چینەکانپەیدابوو(عبدالعزيز حمدى عبدالعزيز، 2003 : 189.).

لەساڵی 1981 بەرەو دوا سەرۆکەکانی ئەمریکا هەمیشە بەوئاراستەیە کاریان کردووە ، کە چین ڕازی بکەن و بازرگانی لەگەڵ بکەن .. لە ئەمەشدا هەردوو لا سوود وەردەگرن لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە قەیران و ئالۆزییەکانی نێومان چین و تایوان خاوتر دەبێتەوە .

ئەمریکییەکان هەمیشە بڕوایان بەوەیە، کە پەیوەندی نێوان وڵاتانی زلهێز هەرگیز ناتوانرێت تەنها لەسەر هاوکاری یاخود ململانێ دروست بکرێت بەڵکو دەبێت بەرژەوەندییەکان ڕێگریان لێ نەکرێت بۆبەدەستهێنانی ، بەڵام دروستکردنی ململانێ لایەنی کەم لەسەر دیموکراتی و مافی مرۆڤ هەمیشە وەك کارتێك و ڕوویەکی ململانێی بەکارهاتووە کە هەندێك جار سازشی بەرامبەرکراوە ، هەروەك کۆمارییەکان هەمیشە دەیان ووت نابێ چین هێز بەکاربهێنێ بەرامبەر تایوان لەکاتی بەکارهێنانی ئەمریکا دەبێ وەڵامبداتەوە و تایوان پڕ چەك بکات بەپێی یاسای پەیوەندی لەگەڵ تایوان .

( یاسای پەیوەندی لەگەڵ تایوان: یاسایەکی ئەمریکییە ، کە سەرۆکی ئەمریکا جیمی کارتەر لەساڵی (1979) واژۆی کرد ، کە دەبێ ئەو چەکە بدرێت بەتایوان کە پێویستییەتی بۆ بەرگری لەخۆکردن.)

سەرۆکەکانی ئەمریکا هەمیشە سیاسەتی جیاوازییان گرتۆتەبەر ، سەرۆك( بیل کلینتۆن) کە باسی چینی دەیکرد قۆناغەکەی بە قۆناغی( المشاركه البناءة) هاوبەشی دروستکەرناودەبرد. بەڵام کاتێك سەرۆك( بۆش) کە باسی چینی دەکرد بەهاوبەش و شەریکی ستراتیژی ناو نە ئەبرد بە لکو بەرکابەری دائەنا لە ڕووی جیهانی و بە(عدومحتمل) ئەگەر ی گۆرانی چین بۆ دوژمنێکی داهاتوو(منال حسونة،، 2015 : ر ).

کە پێویستە لەقۆناغێکدا وەستانی پێبکرێت یاخود لەم قۆناغەدا دوابخرێت و نەبێتە هۆی هەڕەشە بۆسەر ئەمریکا.. لەگەڵ ئەوەشدا دوای نەمانی جەنگی سارد سیاسەتی ئەمریکا زیاتر ڕووی لە میانرەوی کردلەسەردەمی سەرۆکەکان( بیل کلینتۆن-1993- 2001) و جۆرج بۆش باوك( -2001 2009) و باراك ئۆباما(-2009 2013) بەرامبەر چین.

سەرۆك ڕۆناڵد ریگان هەوڵی دا پەیوەندی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وچین زیاتر توندو تۆڵ بکات و جۆرێك لە متمانە بداتە بەرامبەر بۆیە ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵ سەرۆکی چین واژۆ کرد، بۆ سرکردنی کێشەی تایوان کە بەهۆکاری ڕێگری لەبەرەوپێشوونی پەیوەندیەکانی دەزانی بۆ زیاتر برەودان بە بازرگانی و وەبەرهێنان(Richard.C.Thomton,2003.310).

هەرلەسەردەمی جۆر بۆشی باوکدا سزا خرایەسەر چین دوای نانەوەی ئاژاوە لەچین بۆیە سەرۆك بوش زنجیرەیەك لە سزاکانی سەپاند کە بریتی بوو لە سڕکردنی کاتی بازرگانی کەلوپەلی سەربازی نێوان هەردوو وڵات ، هەروەها وەستاندنی هەموو سەردانێکی دیپلۆماسی نێوان هەردوولا پاشان ئەم سزایانە ساڵی 1992 لابران (Shirley.A.Kan,2014:1.).

بەهەمان شێوە پەیوەندیە ئابووری و بازرگانییەکان زیاتر گەشەیان کرد و بەرفراوان بوون ، لەگەڵ ئەوەی کێشەو ململانێی نێوان هەردوولا هەبوو، بەڵام درێژە بەپەیوەندیەئابووری وبازرگانییەکان درا .

## مافی مرۆڤ وەك جیاوازی:

دیارە جگەلە مافەکانی مرۆڤ وبەهادیموکراتییەکان جیاوازی تریش هەن کە وادەکات چین ناکۆك بێت لەگەڵ ئەمریکا .

ئەمریکا هەمیشە لەو بڕوایەدابوو ، کە دەتوانێ فشار دروستبکات لەسەر چین تاکو گۆرانکاری بەئاراستەی چاکساز لەبواری مافەکانی مرۆڤ و کرانەوەی دیموکراتی ئەنجام بدات ، لەبەرچەند هۆیەك بەهای سەرکەوتووی یەمریکییەکان کە هۆکار بوو بۆ سەرکەوتن لە جەنگی ساردا ، هەروەها هەژموون و باڵادەستی ئەمریکا لە ڕووی سەربازی و تەکنەلۆجییەوە وەك دەرکەوت لە جەنگی کەنداو ، هەروەها لە هەمووی گرنگتر پشتبەستوی چین بە هەناردەی ووڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمانەوای کرد، کە پێشبینی سیاسی بکات کە هەژمونێکی گەورەی دروستکردووە کە بتوانێ مەرجی گەمە سیاسیەکەی بردبێتەوە(David M. Lampton ,same Bed, ,2001 ,31).

بۆیە دەبینین کاتێك هەڵبژاردنەکان هەرکە بیل کلنتۆن خۆی کاندید کرد بەرامبەر بە بۆشی باوك کۆمەڵێك لێدوانی دا سەربارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ چین کە دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پاڵپشتی و پشتیوانی بلاوکردنەوەی بەهای دیموکراتی و مافەکانی مرۆڤ بکات ، ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی سزا ئابووری وبازرگانیەکان نەك سفرکردنی کێشەکان لەگەڵ سیستەمی نادیموکراتی و هەموو ئەو دەسەلاتانەی پێشێلی مافەکانی مرۆڤ دەکەن(Bill Clinton, (August13,1992) ).

هەرکاتێك وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا توانیبێتی فشار دروست بکات لەسەر چین هیچ دەرفەتێکی لەدەستنەداوە بەئاراستەی گۆرانکاری لەرەفتاری چین و دەست تێوەردان لەو وڵاتە . هەرچەندە هەردوولایەن سووربوون لەسەر بەردەوامی و جێگیری پەیوەندییەئابووری و بازرگانییەکان ، هەرلەبەرئەوەش بوو، ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئەمریکی چینی تاوانبارکرد بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تەمووزی ساڵی (1995) ئەنجوومەنی پیران بڕیاری دروستکردنی ڕادیۆی( ئاسیای ئازادی)دا، کە پەخشەکەی بۆ ئاراستەکردنی گەلی چین بوو هەرلەبەر ئەوەش سەرۆکی چین زۆر بەتوندی ئەم کارەی رەتکردەوە و لە وتاری پەنجا سالەی دامەزراندنی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاماژەی دا بەوەی کە هێزێکی گەورەی دیاریکراو خۆی مەلاسداوە لە ژێرناوی دیموکراتی ومافەکانی مرۆڤ بۆ ئەوەی دەست تێوەردان و یەکێتی خاك و سەروەری

وڵاتانی تر بشێوێنی کەمەبەست لێرەدا  تەنها وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو(Jian Zemin ,J (October 25,1995).

لەوادەی هەڵبژاردنی  سەرۆکایە تیدا کاتێك بیل کلنتۆن بانگەشەی هەلبژاردنی بۆخۆی دەکرد بەرامبەر چین زۆر توندوبوو لەسەر دۆسیەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ و ..هتد.بەلام کۆندۆلیزا رایس هەستی پێکرد کەئەم جۆرە وتار وفشارانە کە دەخرێتە سەر چین لە کۆتاییدا زیان بە بەرژەوەندی ئەمریکا دەگەیەنێت(منال حسونة، 2015 : 27.)

ئەوڕایە بلاوکرایەوە کە ئازادی ئابووری و ئازادی بیروڕا هان دەدات بۆ تەشەنەکردن وبلاوبوونەوە، ئەمەش بەوە دێتە دی کە ئازادی بازرگانی بێتە دی .. کە ئەمەش وادەکات دەرفەت هەبێ بۆ کۆمپانیا ئەمریکییەکان بگەنە بازارەکانی چین ، ئەمەش باشترین رێگایە بۆ باشترکردنی مافەکانی مرۆڤ و کرانەوەی دیموکراتی(منال حسونة، 2015 : 28.).

هەرلە سەردەمی سەرۆك (بۆش)دا هانی ئەوە دەدرا کە چین بچێتە رێکخراوی بازرگانی جیهانی کەلەم رێکخراوەدا چین هاوبەشێکی بازرگانی کەمتمانەی پێبکات دەبینێتەوە کەئەم مافەش بەهەمان شێوە بۆ (تایوان)یش دەکرێت بەرجەستە ببێت لەلایەکی تریشەوە لە وتاری پارتی کۆماری کە بۆ بانگەشەی هەلبژاردن خرایە ڕوو ئەوەبوو ، کە پارتی کۆماری پاڵپشتی هاوپەیمانەکان دەکات  لەیابان و کۆریا باشوور و تایلاندو فلپین وە کاردەکات بۆ وەستان و بلاوەبوونەوەی چەکی کۆمەلکوژ و پاڵپشتیکردنی ئاشتی و سەقامگیری لە دەربەندی تایوان و پارێزگاریکردن لە مافەکانیی مرۆڤ(Republican Party Plat from 2000).

هەرلەماوەی هەلبژاردنەکانی ئەمریکا بۆ سەرۆکایەتی کاتێك بۆش خۆی کاندیدکرد لە بانگەشەکەدا جەخت دەکاتەوە کە هەرکاتێك چین هێرش بکاتە سەر تایوان ئەمریکا بەپەرچی دەداتەوەو پاڵپشتی تایوان دەکات بۆ بەرگری کردن لە خۆی و ئەمریکا بەهیچ جۆرێك لە بەڵێنەکانی پەشیمان نابێتەوە لەپالپشتیکردنی دەولەتێکی دیموکراتی راستەقینەو هاوپەیمانی کە بۆماوەیەکی دوورودرێژە لەگەڵیدایەوبۆیە بەردەوام ئەو چەکەی دەداتێ کە بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات(Rice, Campaing 2000,57).

لەبەرامبەردا بەکین ( چین) لەماوەی ئەم چەند دەیەدا هێزەکانی خۆی وبەرنامەسەربازی و بەرگرییەکانی تازە کردۆتەوە لەبەر هەژموونی و مەترسی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وە مەترسی دروستبوونی لەیەکنەگەیشتن و دروستبوونی ئالۆزی سیاسی لەگەڵ هێزە هەرێمایەتییەکان و وابەستەبە کێشەی تایوان و قەیرانی دەریایی باشووری چین ، هەرلەبەر ئەم هۆکارانە تازەکردنەوە و نوێگەری ئەنجامدەدات لە هێزەکانی تاکو هەژموونی بەکین زیاتر بێت و بتوانێ قۆرخی کێشەی تایوان  و ناوچەی دەوروبەری بکات هەرلەم هەنگاوانەی بەکین مەترسی گەورەی ئەمنی لای یابان و ئەمریکا دروستکرد(Michael D.Swaine et al. 2013,1-2).

## باسی دووەم : رۆڵی ( تحکیم دەولی) لەچارەسەرکردنی ململانێی یەمەن و ئەریتریا

دەریا سوور خاڵی بەیەکگەیشتنی سێ کیشوەر ، و ناوچەیەکی زۆر گرنگ لەبەیەکەوە بەستنی رۆژهەڵاتی ناوەراست و جیهانی عەرەبی و (قرن الافریقی) ، هەروەها ئۆقیانوسی هندی و دەریا ناوەراست.

گرنگی دەریای سوور لەوەدایە ، کە دەریای عەرەب دەبەستێ بەچەند دەریاو شوێنی ئاوی زۆرگرنگ ، لەوانە دەریا سپی ناوەراست لە باکوورو لەباشوور ورۆژهەڵاتیشەوە بەچەند دەریا ودەربەندی گرنگ وەکو( مضیق هرمز).

بەڕای ئێمە یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی ئێران ئەوەیە لە هەر کێشەو ململانێیەکی نێودەوڵەتی دەتوانێ مەترسی بۆ ئەو دەروازە ئاوییە دروست بکات کە بە( دەربەندی هرمز)ناسراوە(قصي کامل صالح سبیب ، 1994 :27.)..

بەڵام گرنگی دەریای سور و پێگەی یەمەن و ئەریتریا لە رووی گرنگییەوە بە خاڵی وەستانی گوزەری ئاوی دادەنرێت کاتێك مەترسی لەسەر دروست بێ بەهۆی (مضیق باب المندب) دەربەندی المندب کە دەریای سوور لە باکورەوە بەدەریای سپی ناوەراست و لەباشوورەوە بەدەریای عەرەبی دەبەستێتەوە . بەڕای ئێمە کەبەهۆی حوسیەکانەوە کە ئێستا لە یەمەن دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست مەترسی لەسەر باب المندب دروستبووە کە دەتوانن کۆنترۆڵی گوزەر بکەن بەدەریای سووردا.

جگەلەوەی دەریای سوور هەردوو وڵاتی یەمەن وئەریتریا جیادەکاتەوە، بەهۆی چەند دوورگەیەکەوە کەلەدەریای سوردا هەیە و بەتەواوی

کۆنترۆڵی دەریای سوور و ڕێڕەوی ئاوی و دەربەندی باب المندب دەكات بۆتە سەرچاوەی كۆمەڵێك كێشەو ململانێ لەنێوان ئەم دوودەوڵەتەدا..
ژمارەی دوورگەكان دەگاتە(11) دوورگە یە كە ژمارەیەكیان گەورەن وەكو دوورگەكاني ( كمران، حنيش گەورە، حنيش بچووك و بريم و زقر و زوبير و طير... هتد( مصطفى الدباغ، 1999: 133).
بەڵام دوورگەی میونی یەمەنی دەربەندی باب المندب دەكاتە دووبەش و بەتەواوەتی بەسەریدا زاڵە هەروەها دوورگەی سقطرة كەلە دەریای عەرەبی دایە و لەكەنارە ئاوییەكان یەمەن(150)كم دوورە و (650)كم چوار گۆشەیە، ئەم دوورگانەی كە باسكران گرنگی تایبەتیان هەیە بۆنموونە(ئەرخیلی حنیش) كەلە سێ دوورگە پێكهاتووە بەتەواوی كۆنترۆڵی دەربەندی باب المندب دەكات جگەلە كۆمەڵێك دوورگەی بچووك.
دوورگە گەورەكان هەریەك لە دوورگەی( جبل زقر 122 كم چوارگۆشە) و( دوورگەی حنیشی گەورە 67كم چوارگۆشە) و( حنیش الصغرى 25كم چوارگۆشە).
یەمەن لەدوای ساڵی 1975 هەوڵی دا بۆ دەستنیشانكردنی سنوری ئاوی و مڵكداری دوورگەكان بەڵام ئەوكات ئەثیوبیا لەوەڵامدا دەیگوت كەبەشەری (ئوجادین) سەرقاڵەهو دەرفەتی نیە..
پاش سەربەخۆیی وەرگرتنی ئەریتریا ساڵی 1992 یەمەن داوا ی كرد كە سنور و دەسەڵات لە دەریای سوور و دوورگەكان دیاری بكرێت، بەڵام ئەریتریا بەهۆی دروستكردنی دەوڵەت داوای دواختستی ئەو كارە ی كرد ئەنجام بدرێت.
دیارە لەسەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕش یەمەن هاوكاری شۆڕشگێرانی ئەریتریای كرد بەوەی سوود لە دوورگەی( حنیش الكبرى) بكەن(جهيدة قوانس، 2015-2016: 67.).
وەك بنكەیەكی خۆیان .هەردوو لایەن كۆمەڵێك نەخشەی كۆن و بەڵگەی یاسایی و هەندێك نووسراوی دام ودەزگا فەرمییەكانی خۆیان كە دەزگا ونوسراوی ووڵاتان ناردبوویان بۆ هەردوولا لەكاتی لێكۆڵینەوەی زانستی ومانۆری سەربازی ، كە ئەنجام دراوە لەلایەن وڵاتە دەسترۆیشتووەكانەوە لە دەریای سوور .
هەریەك لەیەمەن و ئەریتریا هەوڵیان دەدا بەبەڵگەو یاسای نێودەوڵەتی ئەوە بسەلمێنن كە خاوەنی ئەو دوورگانەن، هەمیشە ئەریتریا دەیگوت ئەریتریا وارسی شەرعی حكومەتی ئەثیوبیایە وكاتێك دەسەڵاتی ئەثیوبیا بەسەر ئەو دوورگانەدا نەما ، ئەرتیریا بوەتە وارسی ئەثیوبیا(نصر الدين أحمد التجاني، بلا سنە : 178)..
بەهەمان ڕێچكە یەمەنیش هەمیشە بەبەڵگەوە خۆی سازدا بوو بۆ ئەوەی خاوەندارێتی خۆی بسەلمێنێ ولای خۆی پاراست بووی كە بریتی بوو لە بەڵگەی مۆڵەتدان بە مانۆری چەند دەوڵەتێك و پشكنینی زانستی لە دەریای سوور و گەڕان و پشكنین و مۆڵەتدان بۆ سەرجەم كارەكانی كۆمپانیاجیاوازەكان و نەخشە كۆنەكان كە هەمیشە دەسەڵاتی یەمەن تێدا دەستنیشانكرابوو .بۆنموونە وەك كۆمەڵێك نەخشەو نوسراوی( مستكشف)ی زانایەكی دانماركی بەناوی كارستن نیبهور ساڵانی (-1761 1764) كە دەیسەلمێنێ ئەو دوورگانە پەیوەندی رامیاری و كۆمەڵایەتیان بە ووشكانی یەمەنەوە هەیە(عبدالعزيز محمد سرحان، 1980، ص538..).
جگەلەوەش یەمەن پتر لە (650) نەخشەی ئامادەكردبوو كە وەك سەنەدی قانونی بیخاتە روو لەكاتی دانوستاندن یاخود پێشكەشی تحكيم دولی بكرێت لەدوارۆژدا(عمار كوسة 2011 : 127.).
بۆیە بەڕای ئێمە هیچ دەوڵەتێك نیە كێشەی سنوور و ململانێی نەبێ لەسەر ڕێڕەوی ئاوی یاخود لەسەر رووبارەنێودەوڵەتیەكان یان هەر كیشەیەكی تر پابەند بە وڵاتانی دراوسێ بۆیە كاری حكومەت و دام ودەزگا پەیوەندییدارەكان ئەوەیە ، كە هەمیشە چاوی لەسەر بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی و كۆكردنەوەوپاراستنی هەربەڵگەنامەیەكە تاكو لەكاتی پێویست و بوونی كێشە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سوودی لێ وەربگرێت.
بەریتانیا لەم ناوچەیەدا بوونی هەبووە، وەلە ساڵی (1972) ئەم دوورگانەی رادەستی یەمەن كردووە، حكومەتی یەمەن زۆر بەدڵنیایەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم كەیسەدا دەكرد چونكە دەی زانی كە لەبەرژەوەندی یەمەن بڕیار دەدرێت لە رووی مڵكدارییەوە ..
لەساڵی 1995 یەمەن مۆڵەتی دا كۆمپانیایەكی ئەڵمانی كە وەبەرهێنان بكات لە دوورگەكانی حنیش تاكو لە رووی گەشتوگوزارو ئابورویەوە

سوودی لی وەربگرێت ، ئەمەش وایکرد ئەریتریا ئاگاداری بکاتەوەو کە دوورگەکە دەبێ چۆڵ بکات وکارمەندە بیانیەکان لەکارکردن بوەستێنێت(صالح يحی الشاعري، 2006: 145.).

لەم سەروبەندەدا یەمەن بەشەڕی ناوخۆ خەریم بوو، ئەرتیریا داوا دانوستاندنی کرد سەبارەت بە دیاریکردنی سنورو دیاریکردنی دەسەڵات بەسەر ئەم دوورگانە، وەلەسەروبەندی دانوستانەکاندا ئەرتیریا هەوڵی داگیرکردنی ئەم دوورگانەی دا، بەڵام بۆی داگیرنەکرا، بەڵام دوای ماوەیەك دیسان هێرشی کردە سەر ئەم دوورگانە دوای شەرێکی قورس کە سێ رۆژی خایاند دوورگەیەکی داگیرکرد لەشەڕەکەدا (196) سەربازی یەمەن بەدیل گیران(إبراهيم محمد العناني، 2005 : 244.).

ئەریتریال پێش هەفتەیەك لەم شەرانەدا کەکردی واژۆی گەرانی بەدوای نەوت دا ئەنجامدا لەگەڵ کۆمپانیایەکی نەوتی جیهانی لە( مدخل بحر الاحمروارخبيل حنيش) واتە لە دەروازەی هاتنە ناوەوەی دەریای سوور و ئەرخەبیلی حنێش.

لەدرێژەی ئەم شەرانەدا چەند راستیەك دەکەوت کە لاوازی هەردوو لایەن بەروون ئاشکرا و نەبوونی تفاق سەربازی و هۆکارەکانی گواستنەوەی سەربازی لەئاودا چەند راستیەك جێگیر بوو کە بریتی بوو لەوەی دەسەڵاتی ئەریتریا نەتوانر بگەیەنێتە تەواوی ئەرخبیل وە نەتوانرا دوورگەی (جبل زقر) لە رۆژی 25/12/1995 داگیر بکرێت کە زۆر ئاستەم بوو داگیرکردنی بەهۆی ئەو هێزە تۆکمەیەی یەمەن جێگیری کردبوو لەلایەکی تریشەوە( یەمەن) نەی توانی دوورگەی ( حنيش الكبرى) کەلەلایەن ئەریتریاوە داگیرکرابوو رزگار بکات،هەموو ئەمانە وایکرد هەردوولا مل بدەن بۆ دانوستاندن ونێوەندگیری نێودەوڵەتی ، کە ئەثیوبیا ومصرو، فەرنسا پێ هەستان بەسەرپەرشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان .

فەرەنسا پێشنیاری پرۆژەیەکی بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بۆ( تحکیم دەولی) کرد.

یەمەن بە پرۆژەکەی رازی بوو بەڵام ئەریتریا ملی نەدا بە ئاشتی و رازی نەبوو، ئەو پرۆژەیە تاکۆتایی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (1996) کەرازی بوو، کیشەکە بخرێتە بەردەم (هيئه التحكيم الدولي) (محمد المجذوب، 1999: 715.)..

بەوجۆرە کێشکە نەخرایە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی . دانوستاندن بەردەم بوو لەژێر چەتری( نیوەندگیریە نێودەوڵەتیەکان) بەسەرپەرشتی فەرنسا تاکو(21/5/1996) هەردوولا رێکەوتن لە ( پاریس) کێشەکە بخەنە بەردەم( تحكيم الدولي)بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە و دیاریکردنی دەسەڵات و سەروەی بەم جۆرە یەمەن دووکەسی شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی نارد بۆ( لجنەی تحکیم دەولی) ئەریتریا هەمان کاری ئەنجامدا و دوو دادوەری نارد ، هەروەها بەرەزامەندی هەردوولا سەرۆکێك بۆ( هيئه تحكيم الدولي) دانرا . وەشوێنەکەشی بارەگای سەرەکی تحیکم(لندن) دەستنیشان کرا. کەسەرجەم کێشەو ململانیەکان چارەسەرکرا بەپێی بڕیاری تحکیم. (محمد المجذوب، 1999: 716-715).

## دەرئەنجام

1)هەر کێشەو ململانێیەك دروست بێ لەسەر رێڕەوی ئاوی دەریاکان کەمەترسی دروست بکات لەسەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و رێڕەوی رۆیشتنی نەوت ووڵاتە زلهێزەکان دێنە ناو کێشەکە و چارەسەری دەکەن بە میکانیزمی ئاشتیانە، بەپێی بەندی شەشەم ، وە ئەگەر لایەنێك ملی نەدا بەپێی بەندی حەوتەم لە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش چارەسەری دەکەن.

2)دوای یەك لابوونەوەی سیستەمی تاك جەمسەری لە ساڵی 1991 هەموو ئەو کێشەوململانێیانەی کە پەیوەندی دار بە پێگەی ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرێگای ئاشتیانەو میکانیزەکانی تر چارەسەر کراون لەبەرژەوەندی سیستەمی تاك جەمسەری بەپێچەوانەوە لە ریگای بەکارهێنان هێز و یەك لابوونەوە.

3)هەموو ئەو کێشەو ململانێ نێودەوڵەتیانەی تر کە پەیوەندی بە مانەوەی هێزی ئەمریکا وپێگەی وولاتانی زلهێزەوەن بەکاردەهێنرێت بۆ هێشتنەوەی هەژمونی ووڵاتانی ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشی نموونە وەك کێشەی سووریا و...هتد.

4)میکانیزمەکان بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتییەکان دەکرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ چارەسەرکردن و تەشەنەکردنی ململانییەکان و نەقۆستنەوەی لەلایەن ووڵاتانی بەرژەوەندیخواز.

## راسپاردە( التوصيات)

1)دروستکردنی بانکێکی زانیاری سەبارەت بەوکێشانەی ، کە هەیە و پۆلێن بکرێت لەسەر ئاستی سیاسی و ئابوری و سنور و کێشەی ئاوە هاوبەش و رووبارە نێودەوڵەتیەکان .. بۆنموونە ئیسرائیل بانکی زانیاری هەیە سەبارەت بەوکێشانەی رووبەرووی ببێتەوە چۆن کاری لەسەر بکات وەکاتی مانەوەی لەسەر خاکی وڵاتانی دراوسێ چۆن دەستگیربێت بەسەرسەرچاوەی ئاوی شیرین و بەدرێژایی شەڕەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئەم کارەی ئەنجام داوەو، تاکو نەکەوێتە کاری پەرتاو( ناکاو )کەبەرچاو روونی نەبێت . ئەم پرۆسەیە لەساڵی(1988) پەری پیدراوەو قەیرانەکان(36)جۆر قەیران و ململانێ ئامازەی پێدراوە(د.محمد نصر مهنا، 2008، 344..).

2)گرنگی دان بە میکانیزمەکانی بەئاشتی چارەسەرکردنی ململانێ نێودەوڵەتیەکان لە ڕێگەی سیمنیار ووركشۆپ بە خوێندکارانی زانکۆ بگەیەنرێت و بکرێتە پێداویستی خوێندن.

3)ئاگادارکردنەوەی سەرجەم نوێنەرانی حکومەتی هەرێم لەسەرجەم پایتەختەکان بۆگەڕان و پشکنین کتێبخانەکان بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەنامە مێژووییەکان و هەرپێداویستییەك وەك نەخشەو ئاماری وڵاتان سەبارەت بە ناوچەکوردستانیەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکوەمەتی هەرێم تاکو لەکاتی پێویست سوودی لێ وەربگرێت .

## سەرچاوەکان

### یەکەم : پەرتوکی عەرەبی:


1)أحمد سرحال ،قانون العلاقات الدولية ، بيروت، دار الكتاب للنشر والطباعة والتوزيع،1995.

2)أحمد بلقاسم، التحكيم الدولي، دار هومه للنشر، الجزائر، ط6، 2006.

3)د.عدنان سيد حسين، نظرية العلاقات الدولية، دار أمواج ، بيروت، 2003 .

4)د.أحمد رهبان، الصراعات العرقية واستقرار العالم المعاصر، اليكس لتكنولوجيا المعلومات، الاسكندرية، 2007.

5)ابن منظور، لسان العرب، ط4، دار صادر ، بيروت، 2004 .

6)د.عبدالامير الانبارى ، حول المفاوضات الدولية: متطلباتها واساليبها، المركز القومي للارشاد والتطوير الاداري، بغداد، 1987.

7)د.صالح يحي الشاعري، تسوية النزاعات الدولية سلميا، ط1 ، مكتبة مدبولي، القاهره، 2006.

8)د.شوقى ناجي جواد، عباس أبو التمن، التفاوض مهارة واستراتيجية، ط1، مطبعة الفنون، بغداد، 1991.

9)د.مثنى علي المهداوي، تطور فن المفاوضات بعد الحرب الباردة، محاضرات القيت على طلبة الدراسات العليا، مرحلة ماجستير، كليه العلوم السياسية، جامعة بغداد، 2007.

10)كاظم هاشم نعمه، العلاقات الدولية،ط1، شركة أياد للطباعة الفنية، بغداد، 1988.

11)فكرت نامق العاني، النظرية التفاوضية وحل الصراعات ، مجلة دراسات دولية، جامعة بغداد، العدد11" مركز الدراسات الدولية، 2002.

12)سموحي فوق العادة، القانون الدولي العام، ، بلا مطبعة، دمشق، 1969.

13)نزيه على منصور، حق النقض ودوره في تحقيق السلم والامن الدوليين ،ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، 2009.

14)سمير جاويد،التحكيم كأليه لفظ المنازعات ،ط ،دائرة القضاء –ابوظبي، 2014.

15)د.علي رمضان بركات،خصومة التحكيم ،بدون طبعة،بدون دار نشر ،بدون ذكر اسم المدنية.

16)د.مختار احمد بريرى،التحكيم التجارى الدولى،دار النهضة العربية ،1995.

17)نصرالدين احمد التجانى،فاعلية التحكيم الدولى فى حل النزاعات الحدودية بحث لنيل دكتوراه"جامعة النيلى،2018 .

18)روسو شارل،القانون الدولي،ترجمة شكر الله خلفية،دار الاهلية للنشر والتوزيع ،1982.

19) العقيد مصطفى الدباغ" الصراعات الدولية الراهنة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999.

20)خضر عباس عطوان ، مستقبل العلاقه الامريكية الصينية(أبو ظبي) ، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية،2004.
21)عبدالعزيز حمدى عبدالعزيز" الصين والولايات المتحده خصمان أم شريكان ، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، 2003 .
22)منال حسونة، رسالة ماجستير، الصين فى السياسة الامريكية بين الحملات الانتخابية والسياسات الرسميه، جامعة بيزيت، فلسطين، 2015.
23)قصي كامل صالح سبيب" أهمية مضيق باب المندب في التأريخ الحديث والمعاصر يمن، صعناء: مركز الدراسات والبحوث اليمن، 1994
24)جهيدة قوانس، حل المنازعات الدولية فى إطار قانون البحار، بحث ماجستير، جامعة العربى بن مهيدى ، ام البواقى، سنه 2015-2016.
25)نصر الدين أحمد التجاني، بحث لنيل دكتوراه، تخصص علاقات دولية، جامعة النيلين، دراسة حاله جززر حنيش.
26)عبدالعزيز محمد سرحان، مبادىء القانون الدولي العام، القاهرة، دار النهظه العربية، 1980.
27)صالح يحى الشاعري، تسوية المنازعات الدولية سلميا ، القاهره " مكتبه مدبولى، 2006.
28)إبراهيم محمد العناني، التحكيم الدولي، القاهرة، دار الفكر العربي، 2005.
29)محمد المجذوب، الوسيط في القانون الدولي العام، الدار الجامعية، لبنان، 1999.
30)د.محمد نصر مهنا، إدارة الازمات و الكوارث، المكتبه الجامعي الحديث، 2008.

دووەم : پەرتوکی ئینگلیزی :

31)Richard C.Thomton,The United State and China:Time for a Change,Institute for National Augst,2004.p310
32)Shirley.A.Kan,Us.-china Miltary Contacts:Issues for Congress,"Congressional /Resench service,2014.
33) David M. Lampton ,same Bed, Different Dream; Mlanaging U.S-China Relation ,1989 -2000 .(California; University of California Press ,2001.
34)Michael D.Swaine et al.China's Military and The U.S.-Japan Alliance in 2030;A strategic Net Assessment (Report , Carnegie Endowment for International Peace, 2013 )1-2.china's Military and The U.S-Japan Alliance in 2030

## سێیەم: گۆڤار و رۆژنامە:

1) أ.د.عبدالغفور كريم على وم. مسعود حميد اسماعيل: الامن والدبلوماسية في العلاقات الدولية المعاصرة, الاكراه و الاقناع, گۆڤاری زانکۆی کۆیە.

**چوارەم : نامە و تێزی دکتۆرا:**

35)أحمد بن على، النزاع البريطاني والارجنتين في منطقة جزر الفوكلاند في ضوء القانون الدولي العام ، مذكره دكتورا فى القانون الدولي والعلاقات الدولية، جامعه جزائر.
36)عمار كوسة، القيمة القانونية للخرائط في التسوية التحاكيمية المنازعات الحدودية والاقلمية، أطروحة دكتوراه، قشى الخير وجامعة فرحات عباس، كليه الحقوق والعلوم السياسية، 2011.

**پێنجەم: پیگەی ئەلیکترۆنی:**

37) Bill Clinton, Remarks of Governor Bill Clinton ,''World Affairs Council ;Los Anglese (August13,1992) http;//www.c-span,org/video/?3/1/9-1/clintion-campaing speech
Jian Zemin ,Jian ,at the Un Warns Against Medding Over Taiwan and Right ''New york Times(October 25,1995),http;//www.nytimes.com/1995/10/5/news25iht-prexy.tO-html

## ملخص

الحرب و الحصار الاقتصادي والضغوطات السياسية المتبعة في المنطقة ما يهمنا في هذا البحث هو تناول كيفية إدارة الضراعات الدولية بالطرق السلمية وهذا يعني ابتعاد عن الطرق العسكرية و الضغوطات الاقتصادية وغيرها والاهتمام بالطرق السلمية لحل الصراعات والتي ترتبط بمستوى التحضر المجتمع الدولي وتفاهم قادة الدول لمعانيها الانسانية ، لذا أردنا في هذا البحث المتواضع شرحها ضمن مبحثين في المبحث الاول تناولنا اليات إدارة الصراعات الدولية بالطرق الدبلوماسية والسياسية والقضائية ، حيث تناولنا في المطلب الاول المفاوضات كأهم آلية من آليات الدبلوماسية لحل المنازعات الدولية بالطرق السلمية , كما تناولنا في المطلب الثاني( التحكم الدولي) كأهم آلية من آليات القضائية لحل المنازعات الدولية بالطرق السلمية كما تناولنا في المبحث الثاني حيث تكون من مطلبين في المطلب الاول تناولنا دور المفاوضات لحل الصراع الصيني التايواني وفي المطلب الثاني تناولنا دور التحكيم الدولي في حل الصراع اليمني الاريتري.



## Summary

There was always a policy of fight, war, using military forces, and economic conservation in this area.....Here we don’t want to talk this issue.....but what is more important than that, is that we talk about finding more peaceful ways to solve these problems that is more linked to civilized and level of understandings of the leaders which goes more with the new international system.... And for my research I will describe mechanism and peaceful solutions for these international conflicts and I will talk about this subject in two parts .... For the first part of this research explained diplomatic mechanismS, politics ,and justice that is divided into two sections ,in the first section we talked about negotiations that is one of diplomatic mechanism and for the second section we explained (international judgement) which is one of justice mechanism. In the second part we talked about both mechanism of negotiation and (international judgment) and this part is also divided into two sections .... In the first section we described conflict between China and Taiwan has influence on establishing peace and for the second section we talked about role of (international judgment)in the solution of conflicts between Yemen and Eritrea.